

## هونەرمەند دەروێش سەرحەدی:

# مەقامە بنەڕەتییەکانی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەموویان مەقامی کوردین

**هونەرمەند دەروێش سەرحەدی لە شاری قەرشێی هەرێمی سەرحەدی باکووری کوردستان لەدایك بووە و هەر زوو لە کۆڕ و کۆبوونەوەی هونەرمەندان دانیشتووە و گوێی لە هونەرمەندان گرتووە و، توانیی بە تواناکانی خۆی درێژە بە کاری هونەری بدات و لە بواری گۆرانی و مۆسیقادا خزمەت بە هونەری ڕەسەنی کوردی بکات، چونکە جگە لە گۆرانی گوتن شارەزاییەکی زۆری لە مۆسیقای کوردی هەیە تائێستا سێ بەرهەمی بڵاو بۆتەوە ئەوانیش (کورێ لاێی، سترانێن گەلەری(خەج و سیامەند)، شەرێ گرێ داخێ)، دەروێش سەرحەدی لە دیمانەیەکدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** کاك دەروێش حەز دەکەین لە سەرەتاوە دەست پێبکەین؟**

- هەر لە تەمەنی منداڵییەوە من دەستم بە کاری هونەری کردووە، بەڵام بە تەواوی نایەتە بیرم لەچ ساڵێك دەستم پێکرد، راستییەك هەیە ئەویش ئەوەیە دەستپێناکا و دەستپێکردنی هونەری نییە، هونەر تایبەتمەندییەکی مرۆڤە و بە مرۆڤ دێتە سەر دونیا و بە مرۆڤیش بڵاودەبێتەوە و خۆی نیشان دەدات، واتە وەك نەوت وایە کە لەژێر زەویدا هەیە ڕێگایەك دەدۆزێتەوە و دێتە سەر زەوی، منیش هەر لە منداڵییەوە خۆم لەناو هونەردا بینیوە لە ئاهەنگ و کۆڕ و کۆبوونەوەی گۆرانیبێژان گۆرانیم گوتووە.



*** کێ زیاتر هاوکار و پاڵپشتی تۆ بووە؟**

- سەد مخابن من تا ئێستاش بێ پاڵپشت و هاوکارم، نە لە سەرەتاوە پاڵپشتم هەبووە نە ئەمڕۆ، لە سەرەتاوە من پشتیوانێکی زانستیم نەبوو، چونکە کەسوکاری من ئەو کات بەچاوێکی خراپ سەیری هونەر و هونەرمەندانیان دەکرد و کاری هونەری زۆر سەخت و زەحمەت بوو، و حەزیان نەدەکرد من روو لە هونەر بکەم، بەڵام ئێستا ئەو بیرکردنەوەیە دواکەوتووە نەماوە، هونەر لە روحی مندا هەبوو و من خۆم توانیم خۆم پێبگەیەنم، هەمیشە گوێم لە رادیۆی یەریڤان دەگرت و لە کۆبوونەوەی شەوانەی هونەرمەندان ئامادە دەبووم کە سوودی زۆریان بۆم هەبوو و بوونە هۆی هاندانی زیاتر.



*** بەڕای تۆ هونەری کوردی ئێستا لە چ قۆناغێکدایە؟**

- لەم چەند ساڵەی دواییدا هونەری کوردی بەڕاستی زۆر پێشکەوتووە، من دەتوانم تەنیا لەسەر مۆسیقای کوردی قسە بکەم، مۆسیقای کوردی سەرەتا لە گوند و دێهاتەکانەوە هاتە ناو شارەکان، لە ئاهەنگ و زەماوەندەکانەوە چووە نێو بواری ئۆرکێسترا، زۆر بەرهەمی پرۆفیشناڵی هونەرمەندانی کورد لەدایك بوو، بە بڕوای من لە بەشەکانی دیکەی هونەریش (وێنە، شانۆ، سینەما) بە هەمان شێوەیە، بەڵام من لەو باوەڕەدا نیم مۆسیقای کوردی بەشێوەیەکی زانستی شوێنی خۆی گرتبێت و ئەمە پێگەی مۆسیقای کوردی نییە کە ئێستا تێیدایە، مۆسیقای کوردی خاوەن بنکەیەکی بەهێز و پتەو و دەوڵەمەندە، هەر چەندە سەدان ساڵە گەلی کورد بندەستە، بەڵام راستییەك هەیە کە مۆسیقای ئەو دەوڵەتانە لەژێر کاریگەری مۆسیقای کوردی دەرنەچوون، مۆسیقای کوردی لەنێو مۆسیقای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك بڕبڕەی پشت وایە، مەقامە بنەڕەتییەکانی مۆسیقای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەموویان مەقامی کوردین وەك مەقاماتی ( حیجاز، بەیات، حوسەینی، کوردی، عەجەم، نەهاوەند،هەمایۆن، سێگاە، چوارگاە، راست).

*** ئامێرە مۆسیقییە کوردییەکان چ جیاوازییەکیان هەیەلەگەڵ ئامێری گەلانی دیکە؟**

- ئەم قسە و پرسیارە وەڵامێکی ئەوتۆی نییە، من لەو باوەڕەدام کە تەنیا (رەبابە) ئامێرێکی ئۆرجیناڵی مۆسیقی کوردییە و کورد ئەو ئامێرەیان دروست کردووە، بەڵام بە شێوەیەکی وا نییە کە تەنیا لە مۆسیقای کوردیدا بەکاربهێنرێت، ژاپۆنییەکانیش دەتوانن بەکاری بهێنن و، وەك( باخلەمە)ی تورکییە کە ئامێرێکی ئۆرجیناڵی تورکییە، بەڵام ئەمڕۆ لە سەرتاسەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکاردەهێنرێت، مۆسیقا ژەنەکان پێویستە روحی هونەری کوردییان هەبێت، مۆسیقا ژەن دەتوانێت روحێکی کوردی بداتە بەر ( ڤیۆلین) کە تامی زوڕنا و رەبابەی هەبێت، واتە لە ئامێری مۆسیقادا جیاوازی نییە بەڵکو مۆسیقاژەن دەتوانێت جیاوازی دروست بکات.

*** پێت وایە هونەری کوردی ناسنامەی خۆی ون کردووە؟**

- بەڵێ بەڕای من مۆسیقای کوردی دەمێکە ناسنامەی خۆی ون کردووە، ئێستا رۆژانە مۆسیقای راستەقینە و کلاسیك کەم دەبێتەوە و کۆتایی پێدێت و ون دەبێت، بەدەستی کەسانێکی نەزانەوە تێکدەدرێت، بۆیە ئێستا مۆسیقایەکی کوردەواری و ستاندەر نییە، هەر ناوچە و هەرێمێك ستایلێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەمە با لە هەر هەرێمێك مۆسیقا دروست بێت، بەڵام پێویستە مۆسیقایەکی یەکگرتوو هەبێت و پسپۆڕانی مۆسیقا بتوانن بڵێن ئەمەش مۆسیقای کوردییە، هەروەها کێشەی دووەم و گەورە ئەوەیە مخابن ناسنامەی هونەرمەندی کوردی ون بووە، لە باکوری کوردستان من باش دەزانم، تا ئێستا هونەرمەند بەشێوەیەکی ئازاد و سەربەخۆ کاری هونەری ئەنجام نەداوە ماوەی زیاتر لە سەد ساڵ دەبێت هونەرمەندی کورد لەژێر فەرمانی ئاغا و پاشا و دەوڵەمەندەکان بووە، ئەمڕۆش لەژێر فەرمانی هەندێك کەسدا کارەکانی ئەنجام دەدات، مخابن ئەم گرفتە لە هەر چوار پارچەی کوردستان وەك یەکە، هونەرمەندی بێ ناسنامە واتە بێ کەسایەتی، ئایا چۆن دەتوانین کارێکی هونەری بێ ناسنامە ئەنجام بدەین!ئێستا کار و چارەنووسی هونەرمەندانی کورد بە دەست کەسانی ناهونەرمەند دایە کە ناتوانن هونەری کوردی بڵاوبکەنەوە وسنووری تایبەتییان هەیە، ٦-٧ کەناڵی ئاسمانی هەیە کە هەر کەناڵێك لەژێر دەستی کەسانێکدایە، و گرێدراوە بە ناوچەیەك و حزبێك و، هەر هەرێم و حزب وهونەرمەندی خۆی هەیە، ئەگەر هونەرمەندێك بیەوێ ئازاد و سەربەخۆ بێت دەبێتە هونەرمەندێکی بێ کەسایەتی و ناتوان درێژە بەکاری هونەری خۆیبدات، کەواتە هونەرمەندی کورد چۆن بتوانێت ناسنامەی خۆی بپارێزێت.

*** ئایا هیچ نزیك بوونێك لە نێوان هونەری کوردی و تورکیدا هەیە؟**

- ئێمە لە پێشتر باسمان لە جیاوازی هەرێمەکان و مۆسیقای یەکگرتووی کوردی کرد، بەداخەوە مۆسیقایەکی یەکگرتوومان نییە کە بڵێین ئەمە مۆسیقای ئۆرجیناڵی کوردییە، بۆیە هەر هەرێمێك ستایل و رەنگی خۆی هەیە ئەم رەنگ و ستایلانەش کەوتوونەتە ژێر کاریگەری مۆسیقای وڵاتانی داگیرکەر، واتە باکوور لەژێر کاریگەری مۆسیقای تورکی و رۆژهەڵات لەژێر کاریگەری مۆسیقای فارسی و باشووری کوردستانیش لەژێر کاریگەری مۆسیقای عەرەبیدا



دیمانە فایلی هونەری
Xalil2001@yahoo.com

مایەوە، لە باکووری کوردستان مۆسیقای کوردی بە گشتی لە لایەن ئارانژور وکۆمپۆزیتەرانی تورکەوە بەکاردەهێنرێت بۆیە بنکەی (ساوەند هارمۆنی، فیگۆر)ی مۆسیقای کوردی و تورکی وەك یەکیان لێهاتووە ئەمەش گرفتێکی گەورەیە و چارەسەرکردنی زۆر زەحمەتە لە هەمان کاتدا هەڵخەڵتاندنێکی زۆر گەورەیە، بەڵام ئێمە دەتوانین بڵێین لە بندەستی و هەڵخەڵتاندن دەترسین، چونکە ئەگەر ئێمە بندەست نەبین ئەمە کارێکی نۆرماڵە واتە هەر میللەت و نەتەوەیەك بەدوای زۆر شتی کلتور و هونەری دراوسێکانی خۆیدا دەگەڕێ، هەر نزیك بوونێك لەنێوان مۆسیقای کوردی و تورکیش بە کاریگەری مۆسیقای کوردییە نەك بە کاریگەری مۆسیقای تورکی، تورکەکان زۆر شتی پێویست و باشیان لە مۆسیقای کوردی بردووە، نەك تەنیا لە مۆسیقای کوردی بەڵکو لە مۆسیقای هەموو گەلان، ئەگەر ئێمەش شت لە مۆسیقای تورکییەوە وەربگرین کارێکی خراپ نییە و زۆر باشە، چونکە مۆسیقای تورکیش خراپ نییە، مۆسیقای تورکی قەسرێ (تورك سانتا میوزیك) زۆر دەوڵەمەند و بە سەدان ساڵە بە شێوەیەکی پسپۆڕی بەڕێوەدەچێت، کەواتە هەر چۆنێك بێت کەوتوونەتە ژێر کاریگەری یەکتری و بەو شێوەیە دەمێننەوە.

*** چۆن دەتوانین ئەو بەرهەمە کوردییانەی تورك و عەرەب و فارس بردوویانە دووبارە بەشێوەیەکی زانستی بگەڕێنینەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە، ئەگەر ئێمە بمانەوێ کارێکی زانستی باش ئەنجام بدەین پێویستە زانستیانە پێش بکەوین، نەك هونەری کوردی بخەینە بەر دەستی کەسانی، نەزان ڕێکخراو و دامودەزگاکان بە شێوەیەکی زانستی ئەم پرسە چارەسەر، بەداخەوە ئێمە نەخۆشییەکمان هەیە زۆر کە کەسی نەزان دەبن بە بەرپرسی زۆر کاری گرنگ و زۆریش لە پۆستەکەیان دەمێننەوە وەك ئەوەی بڵێی کابان دەچێتە بەر مەڕ و شوان خۆراك ئامادە دەکات بۆیە پێم وایە زۆر زەحمەتە ئێمە بتوانین کارێکی زانستی ئەنجام بدەین، ڕێکخراو و دەزگاکانی ئێمە بوونەتە بارزگانخانەی نەزان و شوێنی تایبەتی ئەوان کە هیچ زانیارییان نییە دەربارەی هونەر، شەڕێکی دیکە لە نێوان زانا و نەزانەکان دەستپێکردووە کە کۆتایی نییە.

*** پەیوەندی هونەری نێوان هونەرمەندانی هەر چوار پارچەی کوردستان وەك پێویستە؟**





- پێویستە دەزگا هونەرییە پەیوەندارەکان یەك بگرن، ئێمە دەتوانین ئەم گرفتە لێك نزیك بکەینەوە و هیچ جیاوازییەك لەنێوانیاندا نەبێت لەڕووی هەرێمایەتی و شێوەزار و سیاسەت و حزبەکان، من باوەڕ ناکەم ئەو کات هیچ کێشەیەك لەنێوان هونەرمەندانی کورددا هەبێت، سەرەڕای ئەمەش هونەرمەندان پەیوەندییان هەیە و یەکتریان خۆش دەوێت.

*** چۆن ئێمە دەتوانین هونەری کوردی پێش بخەین و بیگەیەنینە ئاستی هونەری جیهانی؟**

- هەموو کەسێك بیر لەم گرفتە دەکاتەوە، بەڵام کەس ناتوانێت سە دەر سەد چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، بە تێڕوانینی من ئەمە گرفتی وەزارەتی ڕۆشنبیرییە کە پێویستە بۆ چارەسەرکردنی بەرنامەیەکی توکمە ئامادە بکات کە تەنیا لە بەرژەوەندی هەندێك کەسدا نەبێت و پشت بە کەسانی وڵاتپارێز و کوردپەروەر ببەستێ و بەشداری تێدا بکەن، هەروەها پێویستە پرۆژەیەکی تایبەت دابنێت، ئەو هونەرمەندانەی خاوەن بیرکردنەوەی و رامانی زانستین پێویستە وەزارەتی رۆشنبیری هاوکاریان بکات و پشتگیری لە پرۆژەکانیان بکات و بەشێوەیەکی رێکوپێك پەیوەندیی لەگەڵ هونەرمەنداندا هەبێت و هەموویان بناسێت و دەرگای واڵا بێت بۆیان و بە یەکسانی سەیریان بکات، لە هەموویشی گرنگتر کەسانی پسپۆڕ لە پرۆژە هونەرییەکاندا بەشدار بن. لە لایەکی دیکەوە ئەرشیفێکی هونەری کوردی ناوەندی دابمەزرێت کە بۆ هەموو هونەرمەندان سەربەست بێت و هونەری ڕاستەقینەی کوردی بپارێزرێ و بەرهەمەکانیان لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕییەوە کۆنترۆڵ بکرێ ئەمەش کارێکی زەحمەت نییە.



*** ئەی بوونی ئافرەتی کورد لە بواری هونەریدا چۆن دەبینی؟**

- من هیچ جیاوازییەك نابینم لەنێوان ئافرەت و پیاوی هونەرمەند، باوەڕ ناکەم لە بواری هونەریدا کێشەی ئافرەتی کورد هەبووبێت، بەر لە سەد ساڵیش نەبووە و ئەمڕۆش نییە، لە هەرێمی سەرحەد زۆربەی گۆرانییە کلاسیکییەکانی گۆرانی ئافرەتانە کە زۆر لە گۆرانی پیاوەکان زیاترە،خانمە هونەرمەندانی وەك گوڵی گۆرانیبێژان گوڵا فەلە، مەریەم خان، ئایشەشان، بەلگا قادر، سوسکا سمۆ، فاتیما عیسا، زادینا شاکر، ئەسلیکا قادر، خانا زەرێ ناوی دیار و بەرچاوی بواری هونەری کوردی ڕەسەنن.

*** تا ئێستا سەردانی کوردستان ئازادت کردووە؟**

- من کورد و کوردستانیم تا تەمەنی ٢٠ ساڵی لە کوردستان ژیاوم لە شاری قەرشێی هەرێمی سەرحەد لەو پەڕی باکووری کوردستان، بەداخەوە تا ئێستا سەردانی باشووری کوردستانم نەکردووە و زۆریش حەز دەکەم ببینم، خەونی لە مێژینەی من ئەوەیە سەردانی مەزاری پیرۆزی بارزانی نەمر و پێشەوا قازی محەمەد بکەم، هیوادارم ئەم خەونەم بێتەدی، هیوادارم وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕۆژێکی تایبەت ئامادە بکات و هەموو هونەرمەندان لەسەر خاکی پیرۆزی کوردستان کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی کوردستان بە ئازادی ببینن و کۆنسێرت و ئاهەنگ ساز بکەن.

*** دوا پەیڤت بۆ خوێنەرانی گوڵان ؟**

- من ڕێز و سڵاوی خۆم و گوێگر و هەوادارنی خۆم پێشکەش بە هەموو خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەکەم و هیوای سەرکەوتنی بەردەوامتان بۆ دەخوازم.

# ئەشکان ئەحمەدی:

# خۆشحاڵ دەبم کاتێک دەبینم مرۆڤێکی ئەوروپی یان ئەمەریکی هونەرمەندەکانی ئێمە دەناسێت، زۆر شانازی بەو هونەرمەندانەوە دەکەم

گفتوگۆ: پەسار فایەق

بوون و نەبوونی سینەما لە کوردستان، پەیوەندی دەرهێنەرەکانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرهەم هێنانی کاری سینەمایی، ئەو سوودەی دەرهێنەرە ڕۆژهەڵاتییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ کارەکانیان بینویانە و چەند باسێکی تر لە دیمانەیەکدا لەگەڵ دەرهێنەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان "ئەشکان ئەحمەد" تایبەت بە "گوڵان" خرانەروو.

***ئەو بزاڤەی ئەمڕۆ لە بواری سینەما لە هەرێمی کوردستان هەیە، هەنگاوێکە بۆ بەرهەم هێنانی فیلمی سینەمایی یان بۆ دروستبوونی سینەمای کوردی، ئەم قۆناغە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

-هەر وەکو دەزانین هونەر و بە تایبەتی هونەری سینەما یەکێك لە هۆکارەکانی پێشکەوتنی هەر وڵاتێکە، پێویست ناکات زۆر دوور بڕۆین هەر ئەوەندە بەسە سەیرێکی دووروبەرمان بکەین و ئاورێك لە مێژووی سینەما بدەینەوە، سەرکەوتنی سینەما لە هەر وڵاتێك بە زۆر شت پەیوەستە، دەرهێنەر بەتەنیا ناتوانیت ئەرکی ئەو هەموو شتە بەتەنیا لەسەر شانی خۆی هەڵگرێت، سینەما پێویستی بە دەرهێنەر، بەرهەمهێنەر، هۆڵی سینەمایی بۆ خەڵك، پشتگیری حکومەت، ریکلام و زۆر شتی دیکە هەیە. سینەما پێویستی بەژیان و وەستانە لەسەر پێی خۆی هەیە، هەر کاتێك بۆ نموونە حکومەت پشتگیری لە سینەما نەکات و ئەو سینەماییە لەوانەیە بمرێت، دەتوانین بڵێین ئەو ڕۆژە سینەما بەجوانی لە دایك نەبووە و لە منداڵێکی نەساغ دەچێت و ڕەنگە زۆر نەژێت، بەڵام ناشتوانین بڵێین نییە، چونکە لە کوردستان هەموو ئەو شتانەمان بەتەواوەتی نییە، کەواتە سینەما نییە، بەپێچەوانەوە من زۆر گەشبینم بەو شتەی کە ئێستا بەناوی سینەما دەناسرێت و دڵنیام لە داهاتوویەکی زۆر نزیك دا دەتوانین بەرهەمەکەی ببینین، بەڵام هەر وەکو هەموومان دەزانین پێویستی بەهەوڵی زیاترە، دەبێت هەموومان بەشوێنێکی باشی بگەینین، هەرکەسەو بەتوانای خۆی، لە دەرهێنەرەوە تا بەرهەمهێنەر، لە ڕۆژنامەڤانەوە تا بینەر.

***ئەو ئاراستەی فیلمسازە کوردەکان کاری بۆ دەکەن ئاراستەیەکی تەواوە بۆ دروستکردنی سینەمای کوردی یان دەبێت لە خاڵی سفرەوە دەست پێ بکەینەوە؟**

-هیچ شتێك بەناوی خاڵی سفرەوە بوونی نییە، ئەوە زۆر بێ ئینسافییە ئەو زەحمەتانەی کە تا ئێستا بە کوێرەوەری کێشراوە ڕەچاو نەگیرێت، زۆر هەڵەیە کە پێمان وابێت هەموو شتێك لە منەوە دەست پێدەکات، ئێمە دەبێت خۆمان بە لە بەرچاوگرتنی کاری خەڵکانی پێش خۆمان پەروەردە بکەین، بۆ نموونە بۆ تا ئێستا چەند یەکەمین فیستیڤاڵی فیلممان لە کوردستان هەبووە، هەرکەس فیستیڤاڵ بەڕێوە دەبات و ناوی یەکەمینی لێ دەنێت، بەرای من حورمەتی بۆ کاری ئەوانەی پێش خۆی دانەناوە. هیچ شتێك لە کوردستان لە بواری سینەما ئیتر یەکەمینی نییە، یەکەمەکان کاری خۆیان کرد با هەوڵ بدەین بە جێی یەکەمین، باشترین بین و لە ئەزموونی ئەوانەی پێش خۆمان بۆ سەرکەوتنی زیاتر کەلك وەربگرین. بەش بەحاڵی خۆم دەستی هەموو ئەوانەی پێش من کاری سینەماییان کردووە ماچ دەکەم و پێیان دەڵێم ماندوو نەبن. ماوەیەکە بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات دەژیم، بەڕاستی خۆشحاڵ دەبم کاتێك دەبینم مرۆڤێکی ئەوروپی یان ئەمەریکی هونەرمەندەکانی ئێمە دەناسێت، زۆر شانازی بەو هونەرمەندانەوە دەکەم.

*** دەرهێنەرەکانی هەرێمی کوردستان تا چەند سوودیان لە دەرهێنەرە کوردەکانی ڕۆژهەڵات وەرگرتووە و ڕۆژهەڵاتییەکانیش تا چەند سوودیان لە بابەتەکانی هەرێم وەرگرتووە، بەتایبەتی بەم دواییە کە دەرهێنەرە ڕۆژهەڵاتییەکان زۆرتر سەردانی کوردستانیان کرد؟**

-ئێمە هەمیشە بەسوود وەرگرتن لە یەکتر دەتوانین بژین، ئەمە شتێکی زۆر ئاساییە کە سینەماکاری ڕۆژهەڵاتییەکان دەیکەن، چونکە لە ئێران پەروەردە بوون و ئێرانیش مێژوویەکی درێژی لەبواری سینەمادا هەیە، ئەمە



**هەموو ئەوانەی پێش من کاری سینەماییان کردووە دەستیان ماچ دەکەم و پێیان دەڵێم ماندوونەبن**



وای کردووە ئەزمونێکی زیاترمان ببێت، بەڵام جیاوازییەکە زۆر نییە، ئێمە هێشتا لە چاو زۆر شوێنی دیکە زۆر ساواین و دەبێت بەیەکەوە ئەزموونمان هەبێت. هەرێمی کوردستان لەبەر بابەت و کارەساتەکانی تا ئێستا بۆ دەرهێنەرە رۆژهەڵاتییەکان شوێنێکی باش بووە، هەر چەندە لەوانەیە هەندێك کەموکوڕی لە هەردوو لاوە هەبێت، بەڵام ئێمە کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ دواوە ناتوانین یارمەتی ئەم دووانە بۆ بەرەو پێشەوە چوونی سینەما لە کوردستان لەبەرچاو نەگرین. ئێمە هەمیشە هەتا لە داهاتووشدا پێویستییەکی زۆرمان بەیەکتر دەبێت. بەڵام وا باشە ئەو هاوکارییە بەشێوەیەکی رێکوپێك بکرێت و هەرکەس بتوانێت لە کەلك تواناکانی خۆی وەربگرێت بۆ ئەو مەبەستە گرنگە کە کارکردن بۆ سینەمای کوردییە.

*** فیلمسازە رۆژهەڵاتییەکان زیاتر روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ بەرهەم هێنانی فیلمەکانیان، حکومەتی هەرێمی کوردستان تا چەند هاوکارتان بووە بۆ ئەمە؟**

-بەش بەحاڵی خۆم زۆر رێز لە هاوکارییەکانی هەرێم و بەتایبەتی خەڵکی باشووری کوردستان دەگرم، چونکە لەو کاتەی کە خەمیان زۆر زۆرە، ئەوانە بە دڵێکی فراوانەوە هەستیان بە گرنگی سینەما کرد و هەوڵیان بۆ دا، دەبێت ئێمە ئەوە بزانین کە کارکردن بۆ سینەما شتێکی ئاسان نییە و ئەمرۆ دەبێت لە زۆر شت خۆی بگوزەرێ تا بتەوێ کارێك بۆ سینەما بکات، بەڵام ناشبێت هەڵەکانمان لەم پەیوەندییە نێوان حکومەتی هەرێم و دەرهێنەر رۆژهەڵاتییەکان رەچاو نەگرین. دەبێت بزانین کێشەکان چی بوون؟ و بۆ داهاتوو کەڵکیان لێ وەربگرین. پێم واییە پاش ماوەیەك بە هاوکاری هەرکەس دەتوانێ شوێنی خۆی بدۆزێتەوە و هەر کەس دەزانیت چی لەوەی تر دەوێت.

*** بەیەکەم کردنی هەندێك لە فیلمی سینەماییەکان بەتایبەتیش فیلمەکانی جیهانی سێیەم لە هەندێ فیستیڤاڵەکان، جۆرێك لە موجامەلەکردنی تێدا نییە؟**

-نا پێم وانییە، مەگەر ئەوانە چ پێویستییەکیان بە موجامەلەکردن هەیە؟ ئەوەی کە من تێیگەیشتووم موجامەلەکردن تەنیا لە ناو ئێمە زۆر بووە، ئەوان ئەگەر حەز بە شتێك بکەن لە خۆیان و لە کەسیش نایشارنەوە . ئێمە زۆر شتمان بۆ گووتن هەیە، ئەوان قسەکانی ئێمە و شێوەی گووتنی ئەو قسەنەیان بۆ گرنگە، تا ئەو کاتەی کە شتمان بۆ گووتن هەبێت و بزانین چۆن دیڵێین. لەوانەیە ئەوان حەز بە قسەکانی ئێمە بکەن و گوێمان لێ بگرن، بەڵام کاتێکیش لەوانەیە ئیتر گوێمان لێ نەگرن ئەگەر بزانن شتێکمان بۆ گووتن نییە، پێم واییە خۆشمان دەتوانین بزانین کەی شتێکمان بۆ گووتن هەیە و کەی نیمانە، تەنیا ئەمە بەسە لەگەل خۆمان راستگۆ بین و درۆ بۆ خۆمان نەکەین. ئەوەی کە زۆر گرنگە ئەوەیە، ئەگەر بمانەوێت لەبەرچاوبین دەشێت زوو بەزوو خۆمان تازە بکەینەوە و گۆڕانکاری لە خۆمان دروست بکەین کە ئەو شتە بۆ ژیانی هونەری خۆشمان هەر زۆر پێویستە.

**لەو کاتەی کە خەڵکی باشوور خەمی زۆر زۆرە، بە دڵێکی فراوانەوە هەستیان بە گرنگی سینەما کرد و هەوڵیان بۆ دا**

ئەشکان ئەحمەد لە چەند دێڕێکدا

ئەشکان ئەحمەد ساڵی ١٩٧٤ لە شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە، دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری کرمانە، بەمەبەستی خوێندنی سینەمایی ئەمساڵ بەرەو وڵاتی پۆڵەندا چووە و ئێستا لە یەکێك لە کۆلێژەکانی لە بارەی سینەما دەخوێنێت.

خاوەنی حەوت کورتە فیلمە کە ئەمانەن: "مرۆڤەکان دوورن"، "ژنێك لە هۆزی تەم"، "دینگەی دارین"، "تەنوور"، "گۆماو"، "وێنە نەگیراوەکان" و "رێبوارانی دۆڵی هەنار".

فیلمی رێبوارانی دۆڵی هەنار کە باس لە کارەساتی ئەنفال دەکات، تا ئێستا چەندین خەڵاتی ناوخۆ و نێودەوڵەتی وەرگرتووە.





# کرێی خەیاڵی هونەرمەندان لە ئاهەنگەکانی سەریساڵ

ئەمڕۆ دوارۆژی ساڵی ٢٠٠٧ دەبێت، بەڵام ئەم شەو بۆ هونەرمەندان لەسەرتاسەری جیهانی شەوێکی نائاساییە و زۆربەی هەرە زۆریان چەند مانگێکە خۆیان ئامادە کردووە بۆ سازکردنی ئاهەنگی سەری ساڵ لە شوێنە جیاجیاکان و هەموویان لە رکابەرێتییەکی بەهێزدان بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە زۆرترین نرخ بەدەست دەهێنن لەم شەوەدا.

وەك هەموو ساڵێك عەمرو دیاب لە لوتکەدایە و نرخی بەشداری کردنی لە ئاهەنگی سەری ساڵدا گەیشتۆتە نیو ملیۆن جونەیهی میسری ئەمەش گرانترین نرخە لەنێو هونەرمەندانی وڵاتانی عەرەبی، سەرەڕای ئەمەش عەمرو دیاب تا دوو رۆژ بەر لە ئێستا مەسەلەی بەشداری کردنی لەو ئاهەنگەدا یەکلا نەکردبۆوە، چونکە لە چەندین هۆتێلی بەیروت و قاهیرە داوا کراوە بۆ بەشداری کردن لەم ئاهەنگە، و بەوەش ناسراوە کە لەم شەوەدا بەشداری لە زیاتر لە ئاهەنگێکدا دەکات، شیرین عەبدولوەهابیش بڕیار وایە لە قاهیرە سەری ساڵ بکات هەرچەندە لە چەند ساڵی رابردوو لە بەیروت شەوی سەری ساڵی بەسەر دەبرد، واش چاوەڕوان دەکرێت لە هۆتێلی قاهیرە بەشداری لە ئاهەنگەکەدا بکات بە بڕی ١٥٠ هەزار جونەیهی میسری بەمەش بەسەر گشت گۆرانیبێژە ئافرەتەکاندا سەرکەوت.

ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە هەندێك لە سەرچاوەکان هەواڵی ئەوەیان بڵاوکردەوە کە هەیفا وەهبی بە نیازە ئەم ساڵ کرێی بەشداری کردنی لە ئاهەنگێکدا بەرز بکاتەوە بۆ ٥٠ هەزار دۆلار ئەمەش وایکرد کە زۆر لە رێکخەرانی ئاهەنگەکان چاوێك بە رێککەوتن لەگەڵ هەیفادا بخشێننەوە، چونکە ئەم ژمارەیە زۆرە و زیادەڕۆیی تێدایە، بەتایبەتی کە شیرین ئێستا زۆر بەهێز لە گۆرەپاندایە و خاوەن جەماوەرێکی زۆرە و زۆر بە پەرۆشەوەن بۆ ئامادە بوون لە ئاهەنگەکانی، هەیفا وەهبی لە دوایین سەردانیدا بۆ قاهیرە گفتوگۆی لەگەڵ رێکخەرانی ئاهەنگەکاندا کردووە کە بە هیچ شێوەیەك رازی نەبوون لەگەڵی رێك بکەون لەبەر زۆری ئەو نرخەی داوای دەکات .

ئەلیساش لە چەندین شوێن داواکراوە بۆ ساز کردنی ئاهەنگی سەری ساڵ کە لە هەموویان بەهێزتر لە لایەن هۆتێلی قاهیرەیە و ئەگەر لەگەڵیدا رێك بکەون ئەوا کرێی بەشداری کردنی دەگاتە ٤٠ هەزار دۆلار، نیکۆل ساباش رێککەوتووە بۆ ساز کردنی ئاهەنگی شەوی سەری ساڵ لە یەکێك لە هۆتێلەکانی قاهیرە بە بڕی ٦٠ هەزار جونەیهی میسری، نیکۆل زۆر بە پەرۆشەوەیە بۆ بەشداری کردن لە ئاهەنگەکانی سەری ساڵ بەتایبەتی دوای بەشداری کردنی لەگەڵ عەمرو دیاب لە سازکردنی دوو ئاهەنگ لە یەك رۆژدا.

لە گۆڕەپانی (دارالاوپرا)ی میسری لە قاهیرەی پایتەختی میسر وەك هەموو ساڵێك جەماوەرێکی زۆر چاوەڕێی ئاهەنگی سەری ساڵ دەکەن کە زیاتر لە ٥٠ هەزار کەس ئامادەی دەبن و بە یەکێك لە ئاهەنگە هەرە بەهێزەکانی سەری ساڵ دادەنرێت، تامر حوسنیش بۆ یەکەم جار بڕیار وایە لە سودان ئاهەنگێك ساز بکات کە بڕی ٨٠ دۆلار وەردەگرێت بۆ ساز کردنی ئەم ئاهەنگە، پارساڵ هەردوو جەژنی سەری ساڵ و جەژنی قوربان هاوکات بوون ئەمەش وایکرد کە کرێی سازکردنی ئاهەنگەکان بگاتە ئاستێکی خەیاڵی، بەجۆرێك هەندێك لە هونەرمەندان لەو شەوەدا چەندین شوێن گەڕان وزیاتر لە ئاهەنگێکیان ساز کرد، پار ساڵ کرێی نانسی عەجرەم گەیشتە ٥٠ هەزار دۆلار و کرێی هەیفا وەهبیش گەیشتبووە ٦٥ هەزار دۆلار، هەروەها کرێی شیرین عەبدولوەهاب لە ئاهەنگی تونس گەیشتبووە ٤٥ هەزار دۆلار ئەمەش زۆرترین نرخی خانمە هونەرمەندێکی میسری بوو لە دەرەوەی میسر، لەهەمان کات بڕی ٢٠٠ هەزار جونەیهی وەرگرتبوو بۆ بەشداری کردنی لە دوو ئاهەنگی دیکە لە میسر.

تۆ بڵێی کرێی هونەرمەندانی کورد بۆ سازکردنی ئاهەنگی سەری ساڵ چەند بوو بێت!

سەرچاوە رۆژنامەی (البیان)ی ئیماراتی.